# ڕەوشی تەندروستی کەرکوک لە نێوان ساڵانی (١٩٢١–١٩٤٥)

پ.ی.د. پشکۆ حەمەتاهیر عەبدالرحمان
زانکۆی سلێمانی

م. ی. ئازاد مەجید محەمەد
زانکۆی کەرکوک

## ملخص البحث

الاوضاع الصحية لها علاقة وطيدة بحياة الإنسان وتطورها. فالصحة جزء لا يتجزأ عن الإنسان وهي مرتبطة منذ القدم بحياة الإنسان ولها تأثيرها الايجابي والسلبي على نشاطاتهم. لذا نستطيع أن نعد الصحة احد الأعمدة الأساسية لتقدم المجتمع ومن هذا المنظور فان البحث عن الاوضاع الاجتماعية لمدينة كركوك وبخاصة الصحية منها يعتبر احد الاتجاهات الحديثة. في حين إن أكثرية الباحثين تعودوا على البحث عن الاوضاع السياسية ودور الشخصيات السياسية والحروب، وعلى الرغم من إن لهذا الجانب أهمية خاصة، ولكن لا يمكن أن نهمل الجانب المهم الذي له علاقة مباشرة مع حياة الإنسان. إعداد بحث عن (الاوضاع الصحية في كركوك) مابين (١٩٢١. ١٩٤٥ ) يأتي من هذا المنظور، إن الاوضاع الصحية في كركوك قد شهد تحسناً بعد نهاية الدولة العثمانية و لغاية نهاية الحرب العالمية الثانية. من هذا المنطلق وبالاعتماد على طرق البحث العلمي و التاريخي تم إعداد هذا البحث. وقد قسم هذا البحث على مبحثين، في المبحث الأول: تحدثنا عن الأوضاع الصحية في لواء كركوك تحت سلطة الحكم العثماني، وفي المبحث الثاني: تحدثنا عن الأوضاع الصحية في كركوك مابين (١٩٤٥–١٩٢١) اثناء احتلال كركوك من قبل البريطانيين والمملكة العراقية و المحاولات المبذولة من قبل الحكومة لتطور الاوضاع الصحية في العراق عامة لواء كركوك خاصة.

إن الأوضاع الصحية للواء كركوك في العهد العثماني كانت سيئة جداً، وبعد مجيء الانكليز إلى كركوك بدأ عهد جديد في الخدمات الصحية في كركوك، وبدأت الأوضاع الصحية لغاية الحرب العالمية الثانية بالتحسن والتطور من الناحية الكمية والنوعية، وعلى الرغم من كل التطورات في المؤسسات الصحية إلا إنها لم تصل إلى مستوى ازدياد عدد السكان في اللواء ولم تتمكن من تقديم الخدمات إلى أهالي كركوك بالشكل المطلوب.

## پێشەکی

ڕەوشی تەندروستی پەیوەندییەکی بە هێزی هەیە بە ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنیانەوە، تەندروستی بابەتێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤ و هەر لە کۆنەوە پەیوەست بووە بە ژیانی مرۆڤەوە و کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر چالاکییەکانی دروستکردووە، بۆیە دەتوانرێت تەندروستی بە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەستنیشان بکرێت. لەم ڕووەوە توێژینەوە لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کەرکوك بەتایبەت تەندروستی بە یەکێك لە بابەت و ئاراستە نوێیەکان دادەنرێت، لە کاتێکدا زۆرێك لە توێژەران وا ڕاهاتبوون لەسەر ڕەوشی سیاسی و ڕۆڵی کەسایەتییەکان لە سیاسەت و جەنگدا بکۆڵنەوە، گومان لەوەدانییە ئەو لایەنەش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ناکرێت لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی تەندروستی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە فەرامۆش بکرێت.

گرنگی و ئامانجی بابەتەکە: هەڵبژاردنی توێژینەوەیەك لە ژێر ناونیشانی ( ڕەوشی تەندروستی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٢١–١٩٤٥) وەك ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو، لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە دەستپێدەکات و بە کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥دا کۆتایی دێت، ماوەیەکی گرنگ و پڕبایەخە، چونکە لەو ماوە دیاریکراوەدا وێڕای ئەوەی بە ووردی باس لە

خراپی ڕەوشی تەندروستی لە کەرکوك کراوە لە ماوەی دەسەلأتی عوسمانیدا، لە هەمانکاتدا لەگەڵ نەمانی دەسەلأتی عوسمانی و هاتنی داگیرکاری ئینگلیز و ماوەی ڕاستەوخۆی دەسەلأتی ئینگلیز لە کەرکوك و دواتریش دەسەلأتی پاشایەتی تێیدا نەتوانراوە وەکو پێویست ئاوڕێکی باش و پێویست بدرێتەوە لە ڕەوشی تەندروستی کەرکوك، ئامارەکانی ئەو سەردەمەش ئەو ڕاستیانە بەدەردەخەن. سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەیەکی وەهاش دەربارەی ڕەوشی تەندروستی کەرکوك، لێکدانەوەیەکی زانستی ئەکادیمیانەی نوێیە بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئاوڕدانەوەی جدی مێژووی دەربارەی لایەنە کۆمەلأیەتییەکان بەگشتی و ڕەوشی تەندروستی بەتایبەتی.

هۆکاری هەڵبژاردن و ڕێبازی توێژینەوەی بابەتەکە: لەو ڕوانگەیەوە دێت کە تەندروستی بابەتێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤ و یەکێکە لە کۆڵەکەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ڕەوشی تەندروستی کەرکوك کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە سەر گەشەکردنی دانیشتوانی کەرکوك بە هەردوو لایەنی ئەرێنی نەرێنییەوە، لەگەڵ ئەو ڕاستییانەدا تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە و گشتگیر سەبارەت بە مێژووی ڕەوشی تەندروستی لە کەرکوك ئەنجام نەدراوە، تەنها لە چەند پەرتوك و نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا بە پچرپچری ئاماژەی پێدراوە، ئەوەش نەیتوانیوە کاریگەرییەکانی ڕەوشی تەندروستی لە سەر دانیشتوانی لیواکە بە پێ ی سەردەمە مێژووییەکان بخاتە ڕوو و ماف خۆی پێبدات، لە کاتێکدا تەندروستی پەیوەستە بە مرۆڤەوە و مرۆڤیش ڕووداوە مێژووییەکان دروستدەکات. سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکە، سوودی زۆر لە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی مێژوویی وەرگیراوە لە سەر بنەمای شیکردنەوە و بەراوردکاری و تەتەڵەکردنی بەلگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە زانستەکانی دیکەی (سیاسی، ئابووری، کۆمەلأیەتی) بەهۆی نزیکی بابەتەکە لەو زانستانەوە.

گرفت و سەرچاوەی بابەتەکە:توێژینەوەیەك سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی کەرکوك کە ناوچەیەکی پڕ کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە، کارێکی سانا نییە و گرفتی زۆر بۆ توێژەران پەیدا دەبێت، لە دیارترینیان کەمی سەرچاوەیە دەربارەی ڕەوشی تەندروستی کەرکوك، ئەوەش بەهۆی نەبوون یان لەناوچونی زۆرێك لە نوسراوەکانی دەزگا تەندروستییەکانی ئەو سەردەمە. یەکێکی دیکەی گرفتەکان ئەوەیە زۆرینەی ئەو پەرتوکانەی لەسەر تەندروستی نووسراون باس لە تەندروستی عێراق دەکەن و کەمتر ئاوڕیان لە ڕەوشی تەندروستی کەرکوك داوەتەوە. لەگەڵ بوونی ئەو گرفتانەشدا کە ماوەیەك کاریگەرییان بووە لەسەر توێژەران، بەلأم دواتر بە پشت بەستن بە دەیان سەرچاوەی جیاواز و بە زمانی جیوازی وەك: (بەلگەنامەکانی عێراق لە بەغدا (دار الكتب و الوثائق العراقية) و سەر ژمێرییەکانی (وەزارەتی ئابوری، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی مەعاریف،) و گۆڤارەکانی (کەرکوك)، (المهن الطبية)، و تێزی دکتۆرای (حيدر حميد رشيد: الاوضاع الصحية في العراق ١٩٤٥-١٩٥٨)، (غصون مزهر حسين المخمداني: التطورات الاقتصادية و الاجتماعية في العراق)، و کتێبەکانی پشکۆ حمە تاهیر عەبدولرەحمان ئاغجەلەری: شاری کەرکوك لە نێوان سالآنی (١٩١٧–١٩٢٦)، ڕەفیق حیلمی: یادداشت، ابراهيم خليل سعيد: الطب في كركوك- دراسة تاريخية، ابراهيم خليل سعيد: كركوك بانوراما التاريخ والانسان، منظمة الصحة العالمية: تمريض صحة المجتمع، اعداد.. نخبة من اساتذة الجامعات في الوطن العربي، موسيس ديرهاكوبيان: حالة العراق الصحية في ربع قرن، Miss Gertrude l Bell،Review of the civil Administration of Mesopotamia .. تاد..). بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵبوون و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەم جۆرەی لای خوارەوە دابڕێژرێت:

تەوەرەی یەکەم : کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕەوشی تەندروستی کەرکوك لە سەردەمی عوسمانیدا: لەم تەوەرەدا بەکورتی باس لە ڕەوشی تەندروستی عێراق و کەرکوك کراوە، لەسەردەمی دەسەلأتی عوسمانیدا، کە دەردەکەوێت ڕەوشەکە بەگشتی زۆر خراپ بووە.

تەوەرەی دووەم: ڕەوشی تەندروستی کەرکوك لە نێوان سالآنی (١٩٢١–١٩٤٥) دا: ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی تەندروستی کەرکوك لە ماوەی دەسەلأتی ڕاستەوخۆی ئینگلیز و سەردەمی پاشایەتی لە عێراق، کە تێدا باس لەو هەولآنە کراوە لە لایەن دەسەلآتدارانەوە بۆ باشکردنی ڕەوشی تەندروستی، بەلأم لە ئاستی داواکاری دانیشتوانی کەرکوکدا نەبووە.

**تەوەرەی یەکەم// کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕەوشی تەندروستی[١] کەرکوک[٢] لە سەردەمی عوسمانیدا:-**

ڕەوشی تەندروستی کەرکوک لە سەردەمی عوسمانیەکاندا زۆر خراپ و ناهەمواربوو، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆی بەدەست خراپی ڕەوشی تەندروستییەوە گرفتاربوو[٣]. هۆکار زۆر بوو کە کاریگەرییان دروستکردبوو لەسەر ڕەوشەکە، گرنگترینیان خراپی کارگێری دەوڵەتی عوسمانی بوو[٤]، چونکە عوسمانییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا شێوازێکی فەرمانرەوایی سەربازییان وەرگرتبوو[٥] و هەردوو لایەنی کارگێری و سەربازییان لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتییاندا پێکەوە گرێدابوو،[٦] لە هەمانکاتدا بڵاوبوونەوەی هەژاری و نەخوێندەواری و کەمی پزیشك و دامودەزگا تەندروستییەکان[٧] و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا[٨]، ئەوانە بە گشتی کاریگەری زۆریان کردبووە سەر ڕەوشی تەندروستی[٩].

سەرەتای گرنگیدانی دەوڵەتی عوسمانی بە لایەنی تەندروستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٨، چونکە لەو ساڵەدا بەربەستی تەندروستییان دامەزراند، دواتر لە ساڵی ١٨٤٠دا یاسایەکی تایبەتیان دەرکرد بەناوی کۆرنتینا (Quarantine) (الحجر الصحی) بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەو نەخۆشییانەی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەیانەوە دێنە ناو سنووری دەسەڵاتییانەوە[١٠]. پاشان لە ساڵی ١٨٧١دا سیستەمێکی کارگێری گشتی پزیشکییان(نظام الادارة العمومية الطبية) دامەزراند، یەکەم سیستەم بوو پەیوەندی بەتەندروستی گشتییەوە هەبێت، بە پێ ی سیستەمەکە مەرج بوو لەسەر هەر شارەوانییەك[١١]بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بە شارەوانییەکەی بکاتەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی ناوچەی سنووری دەسەڵاتی شارەوانییەکەیان بە بێ بەرامبەر، بەمەرجێك لە بنکەکەدا پزیشکێك و یاریدەدەرێکی پزیشك و دەرمانسازێك هەبێت، لە هەمانکاتدا لەسەر شارەوانی بوو مووچەی ئەو کارمەندانەی بنکە تەندروستییەکە بخاتە ئەستۆی خۆی و مووچەیان لە داهاتی شارەوانی بۆ دابین بکات[١٢]. کەواتە شارەوانی سەرەڕای ئەرکەکانی دیکەی بەرپرس بوو لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و سەرپەرشتیکردنی کاروباری تەندروستی بەگشتی[١٣]، بەڵام شارەوانییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە بواری تەندروستیدا، وەك ئەوەی لۆنگریگ باسی لێوەدەکات کەچاودێرێکی وورد و جێگای باوەڕپووە دەڵێت: "لەڕاستیدا شارەوانی لە زۆرینەی کاتەکاندا هیچی نەدەکرد، تەنها پێدانی مووچەنەبێت بەفەرمانبەر و کارگەرەکان"[١٤].

سەرەڕای دەرکردنی ئەو بڕیارە شارەوانی کەرکوك کەمتەرخەمبووە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و بەرپرسیاریەتییەکانی وەك پێویست جێبەجێ نەکردووە، ئەوەتا لە ساڵنامەی ولایەتی موسڵ ساڵی (١٣٣٠ھ\١٩١٢م) هاتووە پۆستی پزیشکی شارەوانی و ڤێتێرنەری لە شاری کەرکوك کەسیان بۆ دانەمەزراندووە و شوێنەکانیان چۆڵ بووە[١٥].

هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە ئاستی پێویستدا نەبوون، بەڵام توانییان چەند نەخۆشخانەیەك لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن، یەکەم نەخۆشخانە لە ویلایەتی موسڵ لەلایەن والی محمد ئینجە بەیراقدار (١٨٣٥-١٨٤٣) کرایەوە بە ناوی نەخۆشخانەی قشڵەی سەربازی (القشله العسكريه)[١٦]، ئامانجی سەرەکی لە کردنەوەی نەخۆشخانەکە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بووە بۆ تیپی دوانزەی سوپای عوسمانی کە لەوکاتەدا لە موسڵ بووە[١٧]. دواتر یەکەم نەخۆشخانەی گشتی لە لیوای بەغدا لەلایەن والی مدحەت پاشا (١٨٦٩- ١٨٧٢) کراوەتەوە، ئەوەش بەیەکەم هەڵمەتی گرنگیدان بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی عوسمانییەکان دادەنرێت لەناوچەکەدا لە دژی دواکەوتویی و جادوگەری و ئەونەخۆشییانەی لەوکاتەدا لەناو خەڵکیدا بڵاوبوبونەوە[١٨].

سەبارەت بە شاری کەرکوك عوسمانییەکان لە دوای دروستکردنی قشلە[١٩]ی کەرکوك، لە ساڵی ١٨٧٥ دا نەخۆشخانەیەکی سەربازیان لە کەرکوك کردەوە[٢٠]، کارگێری نەخۆشخانەکە لەلایەن پزیشکێکەوە بەڕێوەدەبرا بەپلەی (بێگ باشی)[٢١]، لە نەخۆشخانەکەدا چەند ئەفسەرێکی پزیشك و دەرمانساز و پزیشکی بواری نەشتەرگەری تێدابوو، بەڵام ژمارەیان لە ژماری ئەو کارمەندانە کەمتربوو کە لە نەخۆشخانەی بەغدا کاریان دەکرد، چونکە ئەو کارمەندانەی لە نەخۆشخانەی بەغدا کاریان دەکرد نزیکەی سەد و پەنجا سەربازبوون[٢٢].

سەبارەت بە دەرمانخانە لە کەرکوك، لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ ساڵی ١٩٠٧دا هاتووە و باس لەوە دەکات کە لەکەرکوکدا دوو دەرمانخانە هەبووە[٢٣]، هەریەك لەو دەرمانخانانە دەرمانسازی تایبەتی تێدابووە و ئەرکیان دابینکردنی دەرمانی پێویست بووە

بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی بیدەن بە خەڵکە نەخۆشەکان، بەڵام زۆر جار لەلایەن فرۆشیارانی دەرمانەوە ئەو دەرفەتەیان قۆستووەتەوە کە خەڵکی پێویستی زۆریان بە دەرمان هەبووە، لەو کاتانەدا ئەو دەرمانانەیان پێ فرۆشتوون کە ماوەی بەکارهێنانیان بەسەرچووە، لە هەمانکاتدا نرخێکی زۆر زیادیان لەنرخی دەرمانەکە لێوەرگرتوون، ئەو ڕەفتارانەی فرۆشیاران کاریگەری کردووەتە سەر چینی هەژار و کەم دەرامەت و توانای ئەوەیان نەبووە بەو نرخە گرانە دەرمان بکڕن هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرینەیان پشت بە گژوگیای چارەسەرە سروشتییەکان ببەستن کە لەلایەن دەرمانسازە میلییەکانەوە دروستدەکران(٢٤)، یاخود ڕوویان لە مەلا و شێخەکان کردووە بۆ ئەوەی دوعاو نوشتەیان بۆ بکەن بەمەبەستی چاکبونەوەیان(٢٥).

دەوڵەتی عوسمانی سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشی تەندروستی، بەڵام بەهۆی کەمی نەخۆشخانە و پزیشك لە ناوچەکەدا نەیتوانیوە سەرکەوتوبێت، چونکە ژمارەی نەخۆشخانە و پزیشك زۆر کەمبوون، ئەوەی هەشبوو تەنها لەناوەندی ویلایەتە سەرەکییەکاندا بوون، لەکاتێکدا زۆرینەی سەنجەق و قەزاکان بێبەش بوون لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەوەش هۆکار بوو بۆئەوەی ڕەوشی تەندروستی خراپ بێت و نەخۆشی و پەتا لەناوچەکەدا بڵاوبێتەوە و خەڵکی بەگشتی توشی نارەحەتی و فەوتان بکات(٢٦). بۆ نموونە: شاری کەرکوك لە ساڵەکانی (١٨٤٥، ١٨٨٤) نەخۆشی (تاعوون)ی تێدا بڵاوبوبوەوە(٢٧) و لەساڵەکانی ( ١٨٢١، ١٨٢٧، ١٨٣٢، ١٨٣٣، ١٨٤٦، ١٨٧٣، ١٩٠١) نەخۆشی (کولێرا)ی تێدا دەرکەوتووە(٢٨) بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییانە کاریگەری زۆریان کردووەتە سەر دانیشتوانی شاری کەرکوك و توشی نارەحەتی و لەناوچوونی کردوون، بەپێی سەرچاوەکان لەساڵی ١٨٢١ تەنها لەماوەی بیست ڕۆژدا نزیکەی هەزارکەس لەدانیشتوانی شاری کەرکوك بەنەخۆشی کولێرا گیانیان لەدەستداوە(٢٩)، بەهەمان شێوە نەخۆشی تاعوون لە ماوەی ئەوساڵانەدا خەڵکێکی زۆری لەناو بردووە و ئەوانەی لە ژیانیشدا مابوون لە ترسی نەخۆشییەکە کۆڕەویان کردبوو بۆ دەرەوەی شارەکە، بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە لەو کاتەدا هەستی شاعیر (ڕەنجووری)(٣٠) بزواندووە و هۆنراوەیەکی سەبارەت بەو بارودۆخە نووسیوە و دەڵێت:

"جە (ئاخوڕ حوسەین) تاعوون ئیزهار بی

بەعزێ خەلق فیرار، بەعزێ فانی بی"(٣١).

دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، وەك پێویست خەرجی بۆ خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی تەرخان نەدەکرد ئەوەش یەکێکی دیکە بوو لە بەربەستەکانی گەشەکردنی تەندروستی(٣٢)، بۆ نموونە: لە ساڵی (١٨٨٩–١٨٩٠) داهاتی باجەکانی سەنجەقی کەرکوك گەیشتبووە (٧,٥٣٢,٥٥٠)حەوت ملیۆن و پێنج سەد و سی و دوو هەزار و پێنج سەد و پەنجا قروش، لەو داهاتەش تەنها (٣,٠٩٧,٩٢٨) سێ ملیۆن و نەوەت و حەوت هەزار و نۆسەد و بیست و هەشت قروش بۆ ناوچەکە تەرخانکرابوو، لەو بڕە تەرخانکراوەش نیوەی بۆ جەندرمە و پۆلیس و (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار قروش بۆ دادگا و مووچەی فەرمانبەران تەرخانکرابوو، لەکاتێکدا هیچ خەرجییەك بۆ خزمەتگوزارییەکانی وەك پەروەردە و دروستکردنی ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی تەرخان نەکرابوو(٣٣). هەرچەندە لە ساڵی ١٨٩١دا بڕی تەنها شەست قروش بۆ تەندروستی تەرخانکرا، بەڵام هەر لەو ساڵەدا (٨٨٦,٠١٤) هەشت سەدو هەشتا و شەش و چواردە قروش بۆ جەندرمە و پۆلیس تەرخانکرابوو، بەراورد بە خەرجی تەرخانکراوی جەندرمە و پۆلیس، خەرجی تەندروستی زۆر زۆر کەمبووە(٣٤). لە ساڵی (١٨٩٤–١٨٩٥) داهاتی سەنجەقی کەرکوك گەیشتە (٦,٦٩٨,٤١٠) شەش ملیۆن وشەش سەدو نەوەت و هەشت هەزارو چوارسەدو دە قروش، بەڵام لە لیستی خەرجیدا هیچ خەرجییەك بۆ پەروەردەو و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی دیکە تەرخان نەکرابوو(٣٥). بەگشتی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و گەشەکردنی داموودەزگاکانی تەندروستی سەرکەوتوو نەبوو، لە هەمانکاتدا نەیتوانی پێداویستییەکانی دانیشتوان لە خزمەتگوزاری تەندروستی پڕبکاتەوە، ئەوەی کە هەش بوو دواتر لە ئەنجامی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەناوچوو(٣٦).

جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) یەکێك بوو لە ڕووداوە هەرە گەورە و پڕکارەساتەکانی مێژووی ئادەمیزاد کە زۆر وولاتی جیهانی گرتەوە، سەرەڕای کوشتار و بریندار و سەقەت و پەککەوتە نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس لەساڵەکانی شەردا بەنەخۆشی و لەبرسا مردن(٣٧). باشووری کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە بەهۆی ئەوجەنگەوە ئابورییەکەی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکا(٣٨)، ئەو جەنگە بوو بەهۆکاری ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ کاری بێگاری بەکاربهێنن و لە هەمانکاتدا سەپاندنی باج و خراپی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری(٣٩) و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك و نەمانی خواردن لە ناوچەکەدا، ئەوەندەی دیکە باروودۆخەکەی خراپ کردبوو، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی نەخۆشی و برسییەتی لە ناوچەکەدا بڵاوبیبێتەوە، هەرچەندە ئەو نەخۆشانە زۆرینەیان هیچ دەردێکیان نەبوو، بەڵکو بە هۆی نەبوونی و خواردنی خراپ و تەرمی مرداربووەوەی هەندێك باڵندە و مریشك و کەڵەشێرەوە یا لەبەر خواردنی ئاردە بەڕو یا تووی

وشك و دانی پەمووەوە ووشك دەبوونەوە و لە دواتردا دەست و پێیان دەئاوساو دەمردن[٤٠]. بەو جۆرە چوار ساڵی جەنگی یەکەمی جیهانی برسییەتی و نەخۆشی و مردن و ماڵوێرانی و سەرگەردانی بۆ کوردستان هێنا[٤١]، بێگومان لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگدا جگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی بەولاوە کە بەرەو رووی خەڵکی دەبێتەوە، دەسەڵات بیر لە هیچ خزمەتگوزارییەك ناکاتەوە کە لە بەرژەوەندی خەڵکدابێت بەڵکو تەنها گرنگی بە پەرەپێدانی هێز و چۆنییەتی بەرەنگاربونەوەی دوژمن دەدات، لە هەمانکاتدا خزمەتگوزارییەکان بە تەندروستیشەوە نەك هەر پێش ناکەون بەڵکو پاشەکشەش دەکەن.

**تەوەرەی دووەم// رەوشی تەندروستی کەرکوك لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٤٥) دا:-**

لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و داگیرکردنی ویلایەتەکانی (بەسرە، بەغدا، موسڵ) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ڕەوشی تەندروستی لە نەوچاکەدا زۆر خراپ و ناهەموار بوو ژمارەی پزیشکەکان پەنچەی دەستیان تێنەدەپەراند، برینپێچ تەنها بەناو هەبوو هیچ شوێنەوارێکی نەخۆشخانەو و بنکەی تەندروستی و تاقیگەو پەیمانگای زانستی نەمابوو نەخۆشییە بڵاوەبووە کوشندەکان[٤٢] هەموو ناوچەکەیان بەشار و گوندەکانیشەوە گرتبووەوە[٤٣]. ئەو باروودۆخە ئینگلیزەکانی تووشی کێشەی کارگێریکرد، یەکێك لەو کێشانە کێشەی پاکوخاوێنی ناوشار و شارۆچکەکان بوو، لە هەمانکاتدا بەرەو رووی چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە بڵاوەبووە کوشندانە بوونەوە کە ڕۆژانە بەکۆمەڵ خەڵکە هەژارەکەی بەرەو مەرگ دەبرد[٤٤]. ئەو هۆکارانە بونە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان لە ١٣ی ئابی ١٩١٨دا بەڕێوەبەرایەتییەکی تەندروستی گشتی دابمەزرێنن و ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکەی بخەنە ئەستۆی پزیشکێکی سەربازی بەریتانی بەناوی باتی (W.R.Batte) و کردیانە سەرۆکی کارگێری بەشی پزیشکی سڤیل (المدني)، ئەو بەشی پزیشکییە بەسترایەوە بە فەرمانگەی تەندروستی سوپای بەریتانی لە عێراق[٤٥]، دواتر لە یەکی ئازاری ١٩١٩ بەشی پزیشکی سڤیل یەکەیان گۆڕی بۆ سکرتاریەتی تەندروستی کە لە ئاستی وەزارەتدا بوو[٤٦].

لەدوای دامەزراندنی کارگێری تەندروستی سڤیل تا دروستبونی حکومەتی عێراق ئینگلیزەکان چەند لقێکی کارگێری تەندروستییان لە شارەکانی سەربە ویلایەتەکانی (بەغدا، موسڵ، بەسرە) کردەوە و نزیکەی (١٥٠٠) قەرەوێڵەیان بۆ نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان تەرخانکردو ونزیکەی (٧٠) بنکەی تەندروسییان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا کردەوە[٤٧]، بەشێك لەو بنکانە بەر شاری کەرکوك کەوتن[٤٨]، ئەرکی کارگێری نەخۆشخانەکانیان سپارد بە (٤٥) پزیشکی بەریتانی و (٨٠) فەرمانبەری تەندروستی هیندی[٤٩].

سەبارەت بە کەرکوك، لە دوای داگیرکردنی شارەکە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە[٥٠]، ڕاستەوخۆ کاروباری سیاسی و کارگێری لەلایەن ئەفسەرە سیاسییە ئینگلیزەکانەوە بەڕێوەدەبرا[٥١]، پاشان لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٨دا ئینگلیزەکان نەخۆشخانەیەکی سڤیلی (٣٠) قەرەوێڵەییان لە شاری کەرکوك کردەوە و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکیەکانیشیان، لە کادری پزیشکی و دەرمان گرتە ئەستۆی خۆیان [٥٢]. ئەرکی لێپرسراویەتی نەخۆشخانەکەیان کردە ئەستۆی پزیشك نوری ئەڵڵا وێردی[٥٣]، بەڵام کاری نەشتەرگەری گشتی لە نەخۆشخانەکەدا لەلایەن کابتن (G. S. Woodwan)ە وە ئەنجام دراوە، کە لە ١ی ئازاری ١٩١٩دا دەستبەکار بووە و لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا گەڕاوەتەوە بۆ بەریتانیا، دواتر ئەرکی نەشتەرگەری گشتی نەخۆشخانەکە سپێردراوە بە (R. Hay). لە سەرەتای کردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیە پزیشك و کادرانی دیکەی نەخۆشخانەکە دەستیانکردووە بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، شایەنی باسە لە ماوەی کارکردنی نەخۆشخانەکە تا کۆتایی ساڵی ١٩١٩ چارەسەریان بۆ (١٥,٦٣٨) نەخۆش لە دەرەوەی نەخۆشخانە و (٥١٥) نەخۆشی خەوتووی ناو نەخۆشخانە کردووە، هەر لەو ماوەیەدا (٢٦) کاری نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکەدا ئەنجامدراوە، لە هەمانکاتدا لە ماوەی ئەو ساڵەدا نزیکەی (٣٨) کەس لە نەخۆشخانەکەدا گیانیان لەدەستداوە[٥٤].

بێگومان لەو ماوەیەدا نەخۆشییەکی زۆر لە ناوچەکەدا بڵاوبووەتەوە، دیارترین نەخۆشییەکانی ئەو سەردەمەی کەرکوك نەخۆشییەکانی (مەلاریا، سیل، میز، زاوزێ، چاو، زەحیری)بوون، بەڵام ترسناکترینیان نەخۆشی مەلاریا بوو، پزیشکی تایبەتی کەرکوك لەو ماوەیەدا بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە(١٣٧٩٦٤-٥٠٦٩-FO.٣٧١/) پێی وابوو کە (١٠٠٪)ی دانیشتوانی کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری نەخۆشی مەلاریایان تێدا بڵاوبووەتەوە، بەهەمان شێوە نەخۆشی تەراخومای چاو نزیکەی (٥٠٪) خەڵکەکەی گرتبووەوە، ئەوانەش بوونە هۆکار بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا هەڵمەتێکی کوتان لە دژی نەخۆشییە گوێزراوەکان ئەنجام بدەن و نزیکەی (١,٢٢٠) کەس بکوتن، لە وانە (٧٤٨) کەسیان ئەنجامی کوتانەکەی باش بووە و (٢٧٨) کەس لە پاش کوتان ئەنجامی کوتانی خۆیان بە چاودێران ڕانەگەیاندووە، بەڵام کارمەندەکانی تەندروستی بواریان بۆ نەڕەخساوە کە (١٩٧) کەسی دیکە بکوتن[٥٥].

سەبارەت بە ناوچەکانی دیکەی کەرکوک، لە مانگی نیسانی ١٩١٩دا دەرمانخانەیەکی سڤیل لە ناحیەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) کراوەتەوە و پێنج ئەفسەری سوپا کاروباری پزیشکییان تێدا ئەنجامداوە، لەماوەی ئەو ساڵەدا (١,١٧٩) کەس لە دەرەوەی دەرمانخانەکە چارەسەر کراون و ڕۆژانە نزیکەی (٨-٩٪) خەڵکی سەردانی دەرمانخانەکەیان کردووە و زۆرترین ئەو نەخۆشانە تووشی نەخۆشی (مەلاریا، نەخۆشییەکانی پێست، نەخۆشییەکانی چاو، نەخۆشییەکانی هەناسە و سی) بوون. هەر لەساڵی ١٩١٩دا دەرمانخانەیەکی سڤیل لە قەزای کفری کراوەتەوە و لەماوەی ئەوساڵەدا (٦,٩٠٤) کەس لە دەرەوەی دەرمانخانە چارەسەر کراون، ئەو نەخۆشانە تووشی نەخۆشی (مەلاریا، نەخۆشییەکانی چاو) بوون، بەهۆی چەند هۆکارێك لەوکاتەدا چاودێرەکان داوایانکردبوو کە دەرمانخانەکە دابخرێت؛ بەڵام بەهۆی پێداویستی تەندروستی بۆ دانیشتوان لێپرسراوان داوایان کردبوو کە دەرمانخانەیەك لە قەزای خورماتوو یا تاووغ (داقوق) بکرێتەوە و پزیشکێکی نیشتەجێی بۆ دابنرێت.

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی لە ڕێگای نەخۆشخانە و دەرمانخانەکانەوە پێشکەش بە دانیشتوانی شاری کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری کرا، لە هەمانکاتدا ئینگلیزەکان سیستەمێکی تایبەت بە خزمەتگوزارییان دانا لە پێناو باشترکردنی ڕەوشی تەندروستی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری، بە پێ ی سیستەمەکە کۆمەڵێك کاریانکرد، وەك: شێوازی پاکوخاوێن ڕاگرتنی ئاوی خواردنەوەی شارەکە و چۆنییەتی پاککردنەوەی شارەکە لە خۆڵ و خاشاك و چۆنییەتی فرێدانی ڕەیین و پیسایی لە شارەکەدا و شێوازی کۆنترۆڵکردنی پاکوخاوێنی شتوومەك و پێداویستییەکانی خواردن، پاشان بە پێی هەمان سیستەم هەستان بە رووخاندنی قەسابخانە کۆنەکەی شاری کەرکوك و دروستکردنی قەسابخانەیەکی نوێ ی گشتی و بەئەرزیەتێکی چیمەنتۆ و ئاوەڕۆیەکی ڕێکوپێك و پاکوخاوێن، لە هەمانکاتدا هەموو دوکانەکانی قەسابخانەکان لە یەك شەقامدا کۆکرانەوە و ڕێنمایی نوێیان بۆ دەرکرا سەبارەت بە پاراستنی گۆشتەکانیان لە پیسی و مێش و مەگەز، لەگەڵ ئەوەشدا دەباغخانەکەی شاریان گواستەوە بۆ شوێنێکی شیاوتر و جۆگەلەیەکی تایبەتیان بۆ ڕاکێشا و ڕۆژانە پاکیان دەکردەوە[٥٦].

ساڵی ١٩٢٠ ئینگلیزەکان بوون بە خاوەنی ئینتیداب لە عێراقدا[٥٧] و بەردەوام بوون لە سیاسەتی گرنگیدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی[٥٨] و بەگەرخستنی پزیشکی سەربازی و مەدەنی بەریتانی و تەنانەت بەکارهێنانی ئەفسەرەکانیان وەکو کادیری کارگێری تەندروستی[٥٩].کەواتە لە ماوەی ئینتیدابدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ پێشکەشکردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، بەتایبەت لەدوای دانانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم[٦٠] بە پادشای عێراق لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا[٦١]و دامەزراندنی یەکەم وەزارەتی تەندروستی لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٢١ و دانانی پزیشك حەنا خەیات[٦٢] بە یەکەم وەزیری تەندروستی لە عێراق[٦٣] و گەڕانەوەی ژمارەیەك لە پزیشکە عێراقییەکان بۆ وولات[٦٤].

لەدوای دامەزراندنی وەزارەتی تەندروستی، وەزارەت بۆ یەکەم جار بەرنامەیەکی تایبەت بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی دانا و تیایدا بنەما سەرەکییەکانی تەندروستی بە شێوازێکی شارستانییانە دەستنیشان کرد[٦٥] و بڕیاری دروستکردنی چەندین نەخۆشخانە و تاقیگەیان دا کە لەماوەی (١٠) ساڵدا جێبەجێ بکرێت[٦٦]، بەڵام قەیرانی دارایی لە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ کاریگەری کردە سەر عێراق و بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی تەندروستی لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٢دا و گۆڕینی بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی گشتی و بەستنەوەی بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق[٦٧]، لە هەمانکاتدا ئینگلیزەکان سیاسەتی دەستگرتنەوەی داراییان جێبەجێکرد سەبارەت بە خەرجی خزمەتگوزارییەکان و لە نێوانیاندا تەندروستی، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەرجی دارایی تایبەت بە تەندروستی لە ساڵی ١٩٢٤دا لە (٣٤,١) لەك ڕوپیێ[٦٨]وە کەمبکرێتەوە بۆ (١٩,٣٦) لەك ڕوپیێ، بێگومان ئەوەش کاریگەری دروستکرد لەسەر بەرنامەی وەزارەتی تەندروستی تەنانەت ژمارەی نەخۆشخانەکان لە (٢٨) نەخۆشخانەوە کەمکرایەوە بۆ (٢٠) نەخۆشخانە و ژمارەی بنکەی تەندروستی لە (٥١) بنکەی تەندروستییەوە کەمکرایەوە بۆ (٢١) بنکەی تەندروستی[٦٩] و ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان لە (١,٥٠٠) قەرەوێڵە وە کەمکرایەوە بۆ (١,٠٠٠) قەرەوێڵە[٧٠].

لەگەڵ ئەو هەموو بەربەستانەی باسکران، لەو ماوەیەدا توانراوە هەندێك کاری باش لە بواری تەندروستیدا ئەنجامبدرێت، لەوانە دەرکردنی یاسای کوتان لە دژی نەخۆشی ئاوڵە لە ساڵی ١٩٢٢دا[٧١] و یاسای ڕێکخستنەوەی دەرمانخانەکان لە ساڵی ١٩٢٤دا و یاسای چۆنییەتی فرۆشتنی دەرمان لە ساڵی ١٩٢٦دا[٧٢] و یاسای بەرەنگاربونەوەی نەخۆشییە بۆگەنەکان (العفنه) لە ساڵی ١٩٢٦دا[٧٣]، پاشان یاسای تایبەت بە نەخۆشییە گوازراوەکان لە ساڵی ١٩٢٨دا و یاسای تایبەت بە پاراستنی تەندروستی گشتی لە ساڵی ١٩٢٩دا[٧٤]، بێگومان ئەویاسایانە بۆ بواری تەندروستی کەرکوکیش سوودی هەبووە، لە هەمانکاتدا کردنەوەی چەند نەخۆشخانەیەکی نوێ، وەك نەخۆشخانەی پاشایەتی سلێمانی کە پێشتر بە هۆی بارودۆخی ئەمنییەوە داخرابوو دواتر لە ساڵی ١٩٢٥ دا کرایەوە[٧٥].

شایەنی باسە لە ساڵی ١٩٢٦ بەدواوە کاروباری کارگێڕی تەندروستی لە عێراق گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی[٧٦] و خەرجی دارایی تەندروستی کە پێشتر لە ساڵی ١٩٢٥ (١٩,٤٩) لەك ڕوپیێ بوو[٧٧]، ساڵی ١٩٢٦ زیادی کردوو بو بە (٢٢,٩٢) لەك ڕوپیێ، دواتر لە ساڵی ١٩٢٩ زیاتر بەرزبووەوە و گەیشتە (٢٨,٢٩) لەك ڕوپیێ[٧٨]، پاشان لە ساڵی ١٩٣٠ هەندێك دابەزینی بە خۆیەوە بینی و بوو بە (٢٧,٥٥) لەك ڕوپیێ[٧٩] ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لە سەر خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دروستکرد، بۆ نموونە: ژمارەی نەخۆشخانەکان لە ساڵی ١٩٢٧ (٢١) نەخۆشخانە بوو لە ساڵی ١٩٣٠ ژمارەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٨) نەخۆشخانە و ژمارەی بنکەی تەندروستی لە ساڵی ١٩٢٦ بریتی بوو لە (٥٠) بنکەی تەندروستی و ساڵی ١٩٣٢ ژمارەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠٥) بنکەی تەندروستی[٨٠]، لە هەمانکاتدا کارمەندانی پزیشکی تەندروستی گەشەکردنیان بە خۆیانەوە بینی و ژمارەی پزیشك لە ساڵی ١٩٢٢ بریتی بوو لە (١٨٦) پزیشك، ساڵی ١٩٣٢ ژمارەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٤١) پزیشك و ژمارەی دەرمانساز ساڵی ١٩٢٢ بریتی بوو لە (٨) دەرمانساز و ساڵی ١٩٣٢ ژمارەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (٥٢) دەرمانساز[٨١] و ژمارەی فەرمانبەرانی تەندروستی لە ساڵی ١٩٢٦ بریتی بوو لە (١١٤) فەرمانبەری تەندروستی و ساڵی ١٩٣٢ ژمارەیان بەرز دەبێتەوە بۆ (١٢١) فەرمانبەری تەندروستی، ژمارەی برینپێچی ژن(مضمدة) لە ساڵی ١٩٢٦ بریتی بوو لە (١٨٢) برینپێچ و لە ساڵی ١٩٣٢دا بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٤٥) برینپێچ[٨٢]، بێگومان ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوشی تەندروستی لەکەرکوك بەشێوەیەکی ڕێژەیی.

عێراق لە ڕووی کارگێڕی تەندروستییەوە بە پێ ی ژمارەی لیواکانی ئەو سەردەمە دابەشکرابوو بەسەر چواردە ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی تەندروستی، کاروباری تەندروستی هەر لیوایەك لەلایەن سەرۆکی تەندروستی لیواکەوە بەڕێوە دەبرا و بەرپرسیارییەتی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لیواکەی لە ئەستۆدا بوو، لە هەمانکاتدا بەرپرسیاریەتی قەزاکانی لە ئەستۆدابوو کە پزیشکێك سەرپەرشتی دەکرد و ناحیەکان و گوندەکانیش فەرمانبەرێکی تەندروستی یان برینپێچێك سەرپەرشتی دەکرد[٨٣]. کەرکوك لە ماوەی ئینتیدابدا و بەتایبەت لەدوای دامەزراندنی سەرۆکایەتی کارگێڕی تەندروستی لە عێراق و دامەزراندنی سەرۆکایەتی تەندروستی لە لیواکان، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢دا چەند پزیشکێك لە کەرکوك دامەزرابوون وەك پزیشك (فەتحوڵڵا، عیسا نوری، جەمیل)[٨٤]کە ژمارەیان نزیکەی پێنج پزیشك بوو[٨٥]، بەڵام پێدەچێت عیسا نوری یەکەم پزیشك بووبێت پۆستی بەرپرسیارییەی کارگێڕی تەندروستی کەرکوکی گرتبێتە ئەستۆی خۆی[٨٦].

خشتەی ژمارە (١)

میلاکی کادیری پزیشکی نەخۆشخانەکانی لیوای کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٢دا[٨٧]

| نەخۆشخانە | پزیشکی پسپۆڕ | پزیشك | دەرمانساز | برینپێچی ژن | بەرپرسی کوتان | نووسەری کارگێڕی | کارمەنی تەندروستی نەخۆشخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخۆشخانەی پاشایەتی کەرکوك | ١ | ٢ | ١ | ... | ١ | ١ | ١٠ |
| بنکەی تەندروستی تایبەت بە ژنان | ... | ١ | ١ | ٣ | ... | ... | ٦ |
| بنکەی تەندروستی کفری | ... | ١ | ... | ... | ... | ... | ١ |
| کۆی گشتی | ١ | ٤ | ٢ | ٣ | ١ | ١ | ١٧ |

میلاکی کادیرانی پزیشکی لیوای کەرکوك لە ساڵی ١٩٢٢دا وەك لە خشتەی ژمارە (١) دا خراوەتەڕوو بریتی بووە لە (٥) پزیشك و (٢) دەرمانساز و (٣) برینپێچی ژن و (١) بەرپرسی کوتان و (١) نووسەری کارگێڕی و (١٧) کارمەندی تەندروستی، لە هەمانکاتدا میلاکی داموودەزگا چارەسەرییە تەندروستییەکانی لیوای کەرکوك بریتی بووە لە (١) نەخۆشخانە و (٢) بنکەی تەندروستی، بێگومان ئەوانەش لە ئاستی پێویستی لیواکەدا نەبوون[٨٨]، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٩دا نەخۆشخانەی پاشایەتی کەرکوك ژمارەی قەرەوێڵەکانی دەگاتە (١٠٠) قەرەوێڵە، لە هەمان ساڵدا ژمارەی بنکە تەندروستییەکانی لیوای کەرکوك بەرز دەبێتەوە بۆ (٧) بنکەی

تەندروستی[٨٩]، پاشان لە کۆتایی ئینتیدابدا داموودەزگا چارەسەرییە تەندروستییەکان بە گشتی لەکەرکوکدا ژمارەیان زیاتر بەرز دەبێتەوە دەگاتە (١٦) نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی[٩٠] و نەخۆشخانەیەکی سەربازی[٩١].

سەرەڕای ئەو گەشەکردنەی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، بەڵام نەتوانرا پێداویستییە سەرەکییەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری تەندروستی دابینبکرێت بە مەبەستی بەرەنگاربونەوەی نەخۆشییە بڵاوبووە جۆراوجۆرەکان کەخەڵکەکەی تووشی نەهامەتی و فەوتان دەکرد، بەتایبەت نەخۆشییەکانی (کولێرا، تاعوون[٩٢]، سیل، ئاوڵە، سورێژە) هەرچی نەخۆشییەکانی (مەلاریا، تەراخوما، بەلهارزیا) بوون، ئەوە باوترین نەخۆشییەکان بوون کە دەبوو هەر مرۆڤێك لە ژیانیدا دووچاریان بێت[٩٣]، بەپێ ی راپۆرتی (پزیشك ولیام کۆڕنەر) لە ساڵی ١٩٢٣دا (٥٥,٥٪) دانیشتوانی شاری کەرکوك و (٥٣٪) دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری لیوای کەرکوك تووشی نەخۆشی مەلاریا بوون[٩٤].

خشتەی ژمارە (٢)

نەخۆشە چارەسەرکراوەکانی دەرەوە و ناوەوەی دامودەزگا تەندروستییەکانی لیوای کەرکوك لە نێوان ساڵانی (١٩٢٣–١٩٢٦)[٩٥]

| شوێن | ١٩٢٣ | | ١٩٢٤ | | ١٩٢٥ | | ١٩٢٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەوەی نەخۆشخانە | دەرەوەی نەخۆشخانە | ناوەوەی نەخۆشخانە | دەرەوەی نەخۆشخانە | ناوەوەی نەخۆشخانە | دەرەوەی نەخۆشخانە | ناوەوەی نەخۆشخانە | دەرەوەی نەخۆشخانە |
| کەرکوك | ٥٢٧ | ٦٠,٠٥٨ | ٤٥٨ | ٧٧,٣٠١ | ٥٧٦ | ٧٨,٤٥٩ | ٦٧٣ | ١١٩,٤٠٧ |
| عێراق | ١٣,٦٣٢ | ٨٨٦,٢٩٤ | ١٥,٤٠٢ | ١,٠٧٠,٨٨٦ | ١٦,٥٣٢ | ١,٢٩٨,٦٠٢ | ١٨,٧٥٨ | ١,٦٠٤٩٧١ |

سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی کەرکوك بەگشتی، وەك لە خشتەی ژمارە (٢) دا خراوەتە ڕوو، لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ژمارەی نەخۆشەکان ڕوو لە زیاد بوونە، هەرچەندە زۆریك لەو نەخۆشانە چەند جارێك دووچاری هەمان نەخۆشی بونەتەوە، هەندێکیشیان زیاتر لە نەخۆشییەکیان هەبووە، بەڵام دەردەکەوێت کە نەخۆشییەکان ساڵ لە دوای ساڵ لە بەرز بوونەوە دابووە، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٢٨دا ژمارەی نەخۆشە چارەسەر کراوەکانی ناوەوەی نەخۆشخانە بەرز بوەتەوە بۆ (٨٣٩) نەخۆش و نەخۆشە چارەسەرکراوەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە گەیشتووەتە (١٣٣٩٣٦) نەخۆش[٩٦] ئەو ژمارانە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە ئاستی پێویستدا نەبوون و نەبونەتە بەربەستێك بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی، بەتایبەت لە گوندەکاندا، ئەوەتا بە پێ ی راپۆرتێکی لیژنەیەکی توێژینەوە کە لە وەزارەتی ناوخۆ ئامادەیان کردبوو، تیایدا هاتووە (٩٠–٩٥٪) منداڵانی گوندەکان لە عێراق لە دوای لەدایك بوونیان بە ماوەیەکی کەم گیان لەدەستدەدەن[٩٧]، هەرچەندە ئەو ڕێژەیە بەرزە و ڕەنگە زیادەڕۆیی تێدابێت، بەڵام ئەو بارودۆخە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرەڕای ئەو هەوڵانەی دراوە بۆ چاککردنی ڕەوشی تەندروستی و زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و کادیرانی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی[٩٨]، بەڵام بەراورد بە پێداویستییە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ساڵانی ئینتیداب لە ئاستی پێویستدا نەبووە و بەرەنگاربونەوەی نەخۆشییەکان و چارەسەرکردنیان یەکێك بووە لە کارە ئەستەمەکانی دەسەڵاتداران و پێویستی بە توانایی زۆری دارایی و خەرجی زۆر بووە، کە ئەوکات لە توانای حکومەتدا نەبووە[٩٩]. لەگەڵ ئەوەشدا کەمی هۆشیاری تەندروستی لای تاکی عێراقی وایکردوە شارەزاییان نەبێت لە چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان، هەروەك پزیشك (سانیحە ئەمین زەکی) باس لە نەشارەزایی تاك دەکات لە دانیشتوانی لیواکانی موسڵ و سلێمانی و دەنووسێت:" پرسیارم لە پیاوێکی نزیکەی تەمەن شەست ساڵ کرد تەمەنت چەندە پێ ی ووتم دوانزە ساڵانم، دواتر پرسیارم لە کچێکی تەمەن چواردە ساڵ کرد پێ ی ووتم تەمەنم پەنجا ساڵانە"[١٠٠]. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکی عێراقی شارەزایی نەبووە لەوەی تەمەنی خۆی بزانێت، کەواتە چۆن دەتوانێت شارەزایی پەیدابکات لە هۆکارەکانی چۆنیەتی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی.

لە دوای ئەوەی عێراقیەکان لە ١٩٣٢/٥/٥ یاداشتێکیان بەرزکردەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان و تیایدا داوای سەربەخۆییانکرد و دواتر لە ١٩٣٢/٥/١٩ لەلایەن خۆیانەوە سەربەخۆییان ڕاگەیاند و کۆتاییان بە ئینتیداب هێنا، پاشان لە ١٩٣٢/١٠/٣ عێراق بە شێوەیەکی فەرمی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان و ئەو ڕۆژە لەلایەن عێراقیەکانەوە بە ڕۆژی سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق ناوزەند کرا [١٠١]، لەو

ماوەیەدا قۆناغێکی نوێ لە مێژووی پێشکەوتن و گەشەکردنی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی پەیدا دەبێت، بەتایبەت دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بۆ یەکەم جار توانی سوود لە دەرامەتی بەرهەمە نەوتییەکان ببینێت، ئەوەش وایکرد بتوانێت بودجەی زیاتر بۆ خەرجی کاروباری خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی تەرخان بکات[١٠٢]، بەوەش پرۆژەی تایبەت بە تەندروستی کە پێشتر وەزارەتی تەندروستی لەسەردەمی ئینتیدابدا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بڕیاری لەسەر دابوو کۆتایی هات، دواتریش لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ دا وەزارەتی ناوخۆی عێراق لیژنەیەکی تەندروستی لە ئاستێکی باڵا و بەسەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ و ئەندامییەتی (٩) لە پزیشکە بەتواناکانی عێراق دروستکرد، بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە کێشەی تەندروستی لەووڵات بەگشتی و چۆنییەتی کارکردن بۆ چاکسازی لە بواری تەندروستیدا و لە هەمانکاتدا بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە عێراق بە گشتی، بەڵام نەتوانرا وەك پێویست کار بە پێشنیازەکانی لیژنەکە بکرێت، ئەوەبوو دواتر لە ٨ی تەموزی ١٩٣٥دا وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەنوسراوێك هەموو دامودەزگاکانی تەندروستی ئاگادارکردەوە، کە تەنها کار بەبەرنامەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، پاشان لیژنەیەکی ڕاوێژکاری دامەزراند بۆ چاودێریکردنی چۆنییەتی گەشەکردنی ڕەوشی تەندروستی لە عێراق بە پێ ی بەرنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ[١٠٣].

لەدوای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی تەندروستی لیژنەکە دەستیکرد بەدانانی بەرنامەیەکی نوێی تایبەت بە تەندروستی بە ناوی پرۆژەی پێنج ساڵ[١٠٤]، لە هەندێك لە بڕگەکانیدا جەختی لەسەر گرنگی گەشەپێدان و زیادکردنی نەخۆشخانەکان و زیادکردنی ژمارەی قەرەوێڵە بۆ نەخۆش و دروستکردنی بنکەی تەندروستی جێگیر و بنکەی تەندروستی گەڕۆك لە هەموو لیواکاندا، لە هەمانکاتدا چارەسەرکردنی نەخۆشە هەژار و دەست کورتەکان بە بێ بەرامبەر[١٠٥]، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لەساڵی ١٩٣٥ بەدواوە عێراق پێ بنێتە قۆناغێکی نوێی گەشەکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و چەندین نەخۆشخانەی نوێ لەشارەکاندا بکاتەوە[١٠٦]، بێگومان ئەو گەشەکردنە لیوای کەرکوکیشی گرتەوە. بۆ نموونە: ساڵی ١٩٣٦ ژمارەی نەخۆشخانەکانی کەرکوك تەنها (٣) نەخۆشخانە بوون، ئەوانەش بریتی بوون لە (نەخۆشخانەی پاشایەتی کەرکوك، نەخۆشخانەی کۆمپانیانی نەوتی ڕافیدەین[١٠٧]، نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوك)[١٠٨] ئەو ژمارەیە لە ساڵی ١٩٤٣دا بەرز دەبێتەوە بۆ (٤) نەخۆشخانە[١٠٩]

خشتەی ژمارە (٣)

نەخۆشخانەکانی لیوای کەرکوك بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٤٣دا[١١٠]

| شوێن | دانیشتوان | نەخۆشخانە | | ژمارەی قەرەوێڵە | ژمارەی کەس بۆ هەر نەخۆشخانەیەك | ژمارەی کەس بۆ هەر قەرەوێڵەیەك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هەموو پێداویستی تێدایە | نەخۆشخانەی دیکە | | | |
| کەرکوك | ٢٨٥,٨٧٨ | ١ | ٣ | ١٢٠ | ٧١,٤٦٩ | ٢,٣٨٢ |
| عێراق | ٢,٨٥٨,٦٧٦ | ١٠ | ٤١ | ٣,٠٧٨ | ٥٦,٠٥٢ | ٩٢٨ |

ئەگەر سەرنجی خشتەی ژمارە (٣) بدرێت دەردەکەوێت لە لیوای کەرکوکدا یەك لەنەخوشخانەکان لە پلە بەرزەکانەو هەموو پێداویستییەکانی تێدایە و هیچ کەموکورییەکی نییە، بەڵام لە ڕاستیدا بەو شێوەیە نەبووە بەهیچ شێوەیەك لە ئاستی نەخۆشخانەکانی لیوای بەغدا دا نەبووە کە لەو کاتەدا هاوشێوە کراون[١١١]، لە هەمانکاتدا (٣) نەخۆشخانەی دیکە لە شارەکەدا هەبوون، بەڵام نەخۆشخانەکان لە کەرکوك لە ئاستی پێویستی دانیشتواندا نەبوون لەو کاتەدا هەرنەخۆشخانەیەك (٧١,٤٦٩) کەسی بەردەکەوت و هەر قەرەوێڵەیەکی (٢,٣٨٢) کەسی بەرکەوتووە، گومان لەوەدا نییە کە ژمارەی نەخۆشخانە و قەرەوێڵەکان لە بەرامبەر ژمارەی دانیشتواندا ڕێژەیەکی زۆر کەم بووە و لە ئاستی پێداویستی خەڵکەکەدا نەبووە، لە کاتێکدا چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا هەبوون[١١٢].

بنکەی تەندروستیش یەکێکە لە دەزگا چارەسەرییە تەندروستییەکان و وەك جێگرەوەی نەخۆشخانەکان خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکات، بنکە تەندروستییەکان زیاتر لەو ناوچانەدا دادەمەزران کە چڕی ژمارەی دانیشتوانیان بەرامبەر بە شارەکان کەمتر بوو، چونکە لە توانادا نەبوو نەخۆشخانە بۆ ئەو شوێنانە دابمەزرێندرێت، هەر بەو هۆیەوە زۆرترین بنکە تەندروستییەکان لە قەزا و ناحیەکاندا بوون، ئەوانەش خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان لە ئاستی پێویستدا نەبوو. بنکە تەندروستییەکان دوو جۆر بوون، یەکەمیان بنکەی تەندروستی گەڕۆك بوو لە ناوچە دووره دەستەکاندابوون[١١٣]، کە ئەستەم بوو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان پێبگەیەندرێت، دووەمیان بنکەی تەندروستی جێگیر بوو ئەوانەش لە سێ جۆر پێکهاتبوون:

١. بنكەی تەندروستی پلە یەك: ئەم بنكەیە لەلایەن پزیشكێكەوە بەڕێوەدەبرا و زۆرینەیان لە ناوەندەكانی شاردا بوون.
٢. بنكەی تەندروستی پلە دوو: ئەم بنكەیە لەلایەن فەرمانبەرێكی تەندروستییەوە بەڕێوە دەبرا و لە ناوەندەكانی قەزا و ناحییەكاندا بوون.
٣. بنكەی تەندروستی پلە سێ: ئەم بنكەیە لەلایەن برینپێچێكەوە بەڕێوە دەبرا و لە ناحییە و گوندە گەورەكاندا بوون[١١٤].

سەبارەت بە لیوای كەركوك سالّی ١٩٣٦ ژمارەی بنكە تەندروستییەكانی بریتی بوو (١٤) بنكەی تەندروستی، ئەوانەش بریتی بوون لە (بنكەی تەندروستی ناوەندی شاری كەركوك، بنكەی تەندروستی قەرەحەسەن (لەیلان)، بنكەی تەندروستی پردێ (ئاڵتون كۆپری)، بنكەی تەندروستی مەلحە (تەل عەلی)، بنكەی تەندروستی شوان(ڕێدار)، بنكەی تەندروستی كفری، بنكەی تەندروستی قەرەتەپە، بنكەی تەندروستی شێروانە، بنكەی تەندروستی خورماتوو(دووزخورماتوو)، بنكەی تەندروستی داقوق، بنكەی تەندروستی قادر كەرەم، بنكەی تەندروستی چەمچەماڵ، بنكەی تەندروستی سەنگاو لەگەڵ بنكەیەكی تەندروستی گەڕۆكدا)[١١٥]، سالّی ١٩٣٨ سەرەڕای ئەو بنكە تەندروستییانە بنكەیەكی دیكەی تەندروستی سەر بە مەعاریفی تایبەت بە خوێنكاران هەبوو لە كەركوكدا[١١٦]، دواتر لە سالّی ١٩٤٣دا بنكە تەندروستییەكانی كەركوك بەرزبونەوەیەكی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن، بڕوانە خشتەی ژمارە(٤) .

خشتەی ژمارە (٤)

بنكە تەندروستییەكانی لیوای كەركوك لە سالّی ١٩٤٣دا[١١٧]

| شوێن | بنكەی تەندروستی | | | قەزاكان | ناحییەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| | پلە یەك | پلە دوو | پلە سێ | | |
| كەركوك | ٥ | ٢٣ | ... | ٢ | ١٠ |
| عێراق | ٨١ | ٦٦ | ٩٧ | ٤١ | ١١٤ |

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەكەوێت ژمارەی بنكەی تەندروستی لە لیوای كەركوك تا ڕادەیەك خراپ نییە، بەڵام لە قەزاو ناحییەكاندا بە پێ ی پێویست نەبووە و توانای دابینكردنی پێداویستییە خزمەتگوزارییە تەندروستییەكانی لە ناوچە گوندنشینەكاندا نەبووە، لە هەمانكاتدا ژمارەی بنكە تەندروستییەكان لە ئاستی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەكەدا نەبوون[١١٨]. سەرەڕای ئەوەش بنكە تەندروستییەكان چەندین گرفتی دیكەیان هەبووە كە كاریگەرییان لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروستكردووە، لەوانەش پاكوخاوێنی كە یەكێك بووە لە گرفتەكانی نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكان، ئەوەتا پشكنەری كارگێری (ئەحمەد توفیق) لە سالّی ١٩٣٩دا سەردانی بنكەی تەندروستی پردێ (ئاڵتون كۆپری)ی كردووە و ڕاپۆرتێكی بەرزكردوەتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و دەنووسێت: "بنكە تەندروستییەكە پێویستی بە (١١) تۆڕی پەردەی پەنجەرە هەیە بۆ ئەوەی مێش و مەگەز نەیەنە ناو بنكەكەوە"[١١٩]. بەهەمان شێوە موتەسەرفی لیوای كەركوك ڕاپۆرتێك بەرز دەكاتەوە بۆ وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی سەبارەت بە نەخۆشخانەی كەركوك دەنووسێت: "ژووری زینی ئەسپەكان و كەرەسەكان لە فەرمانگەی پۆلیس، زۆر لە شوێنەكانی نەخۆشخانە پاكترن"[١٢٠].

كەمی ئامێری پزیشكی لە نەخۆشخانە و بنكەی تەندروستی و كەمی ژمارەی كارمەندانی تەندروستی و كەمی دەرمان، یەكێكی دیكەبوون لە گرفتەكان ئەوەش وای كردبوو سەرۆكی تەندروستی لە لیواكاندا هەندێك جار نەخۆشەكانیان بنێرنە شاری بەغدا بە مەبەستی پشكنین و چارەسەركردن، بەهۆی ئەوەی ئامێری تایبەت بە تاقیگە و پشكنین لە لیواكاندا نەبوون. یەكێكی دیكە لە گرفتەكان كەمی ژمارەی قەرەوێڵە بوو لە نەخۆشخانەكاندا، ئەوەش ببووە هۆكار بۆ ئەوەی زۆر جار نەخۆشەكان ناچاربن لەسەر زەوی بخەون[١٢١]، بێگومان ئەوەش دەبووە هۆی دروستبوونی ژاوەژاو، لە هەمانكاتدا زۆری نەخۆشەكانیش كاریگەری دەكردە سەر پاكوخاوێنی نەخۆشخانەكان.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو نەخۆشانەی ڕۆژانە بەمەبەستی چارەسەركردن سەردانی نەخۆشخانە و بنكەتەندروستییەكانیان دەكرد و ژمارەیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبونەوەدابوو، یەكێكی دیكە بوو لە گرفتەكان كە نە دەتواندرا وەك پێویست چارەسەریان بۆبكرێت، سالّی ١٩٣٨ ژمارەی ئەو نەخۆشانەی لە لیوای كەركوكدا سەردانی نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكانیان كردووە بریتی بوون لە (٢٦٠٥١٢) نەخۆش[١٢٢]، سەرەڕای بەربڵاوی نەخۆشییە جۆراوجۆرەكان، بەڵام ئەو بڕیارەی كە لەلایەن لیژنەی باڵای تەندروستییەوە دەركرابوو سەبارەت بە چارەسەری نەخۆشەكان بە بێ بەرامبەر، ببووە هۆی سەردانی بە لێشاوی نەخۆشەكان بۆ نەخۆشخانەو بنكە تەندروستییەكان و فشارێكی توندیان خستبووە سەر نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییەكان، ئەوەبوو لە دواتردا وەزارەتی ناوخۆ لە ٨ی

تەموزی ١٩٣٩ دا بڕیاریکی دەرکرد و بە پیێ ی بڕیارەکە چارەسەری بیێ بەرامبەری پوچەڵکردەوە[١٢٣]، ئەوەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی لە دواتردا تا ڕادەیەك ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ دامودەزگا تەندروستییەکان ڕوو لە دابەزین بکات و لە ساڵی ١٩٤٢دا ژمارەیان دابەزێت بۆ (١٠٩٣٨١) نەخۆش[١٢٤]، بەلاّم بەهۆی فشاری نەخۆشییەکان و پێداویستی زۆری خەڵکی بۆ چارەسەر، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٤٢ بەدواوە ئەو ژمارەیە ڕوو لە بەرز بوونەوە دەکات. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی ژمارە (٥)

نەخۆشە چارەسەرکراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی داموودەزگا تەندروستییەکان لە لیوای کەرکوک[١٢٥]

| سالّ | چارەسەری نەخۆش لە ناوەوە و دەرەوەی نەخۆشخانەی لیوای کەرکوک | | | | | | کۆی گشتی عێراق | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەخۆشەکانی ناوەوەی نەخۆشخانە | ڕێژەی ٪ نەخۆشەکانی ناوەوەی نەخۆشخانە بەرامبەر بە عێراق | نەخۆشەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە | ڕێژەی ٪ نەخۆشەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە | کۆی گشتی نەخۆش ناوەوە و دەرەوەی نەخۆشخانە | ڕێژەی ٪ کۆی گشتی نەخۆش بەرامبەر بە عێراق | نەخۆشەکانی ناوەوەی نەخۆشخانە | نەخۆشەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە | کۆی گشتی نەخۆشەکانی ناوەوە و دەرەوەی نەخۆشخانەکانی عێراق |
| ١٩٣٨ | ١,٧٢٤ | ٤,٨ | ٢٥٨,٧٨٨ | ٦,٤ | ٢٦٠,٥١٢ | ٦,٤ | ٣٥,٥٩٦ | ٤,٠٥٨,١٥٧ | ٤,٠٩٣,٧٥٣ |
| ١٩٣٩ | ١,٦٩٨ | ٤,٦ | ١٨٤,٦٧٦ | ٥,٣ | ١٨٦,٣٧٤ | ٥,٣ | ٣٧,١٦٩ | ٣,٤٥٩,٧٧٧ | ٣,٤٩٦,٩٤٦ |
| ١٩٤٠ | ١,٤٢٧ | ٣,٨ | ٨٥,٢٣٨ | ٢,٦ | ٨٦,٦٦٥ | ٢,٦ | ٣٧,٩٩٣ | ٣,٢٥٤,٦٢٥ | ٣,٢٩٢,٦١٨ |
| ١٩٤١ | ١,٤٤٣ | ٣,٧ | ٩٢,٣٨٤ | ٢,٥ | ٩٣,٨٢٧ | ٢,٥ | ٣٩,٠٣٩ | ٣,٦٩٤,٢٦٤ | ٣,٧٣٣,٣٠٣ |
| ١٩٤٢ | ١,٢٥٣ | ٣,٠ | ١٠٨,١٢٨ | ٢,٨ | ١٠٩,٣٨١ | ٢,٨ | ٤٢,٠٤٠ | ٣,٨٣٣,٦١٧ | ٣,٨٧٥,٦٥٧ |
| ١٩٤٣ | ١,٥١٩ | ٣,٥ | ٨٧,٦٨٩ | ٢,٢ | ٨٩,٢٠٨ | ٢,٢ | ٤٣,٤٩٦ | ٣,٩٨٠,٩٢٥ | ٤,٠٢٤,٤٢١ |
| ١٩٤٤ | ٩٧٠ | ٢,١ | ١٣٢,٦٠١ | ٣,١ | ١٣٣,٥٧١ | ٣,١ | ٤٧,٠١٣ | ٤,٣٢١,٣١٤ | ٤,٣٦٨,٣٢٧ |
| ١٩٤٥ | ١,٢٥٢ | ٢,٦ | ١٦٧,٥٥٧ | ٣,٥ | ١٦٨,٨٠٩ | ٣,٥ | ٤٨,٩٣٥ | ٤,٧٣١,٥٤٨ | ٤,٧٨٠,٤٨٣ |

سەبارەت بە کادیرانی پزیشکی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی کەرکوک، سالّی ١٩٣٦ پزیشک (عەبدوللّا بەرسوم)[١٢٦] بەرپرسیارییەتی سەرۆکایەتی تەندروستی لیوای کەرکوکی گرتبووە ئەستۆ، لە هەمانکاتدا (١١) پزیشک و (٣) دەرمانساز و (٢) یاریدەدەری تاقیگە هاوکارییان دەکرد، لەگەڵ ئەوانەشدا (٢) پشکنەری تەندروستی سەرپەرشتی ڕەوشی تەندروستی شارەکەیان دەکرد[١٢٧]، ئەو ژمارەیە لە سالّی ١٩٤١ دا تا ڕادەیەك گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت و دەگاتە (٢٣) پزیشك[١٢٨] و سالّی ١٩٤٣ ژمارەی پزیشك زیاتر بەرز دەبێتەوە و دەبێت بە (٣٥) پزیشك[١٢٩] و سالّی ١٩٤٥ بەرز بوونەوەی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ و دەبێت بە (٣٨) پزیشك[١٣٠]، بەلّام ژمارەی پزیشکەکانی لیوای کەرکوك بەراورد بە لیوای بەغدا زۆر کەمبووە، ئەگەر سالّی ١٩٤٣ وەکو ناوەندی ئەو ماوەیە وەربگرین، دەردەکەوێت کۆی گشتی ژمارەی پزیشکەکانی عێراق بریتی بووە لە (٤٩١) پزیشك و لیوای کەرکوك تەنها ڕێژەی (٧,١٪)ی کۆی گشتی پزیشکەکانی عێراقی پێکهێنابوو، لە کاتێکدا لیوای بەغدا ژمارەی پزیشکەکانی بریتی بووە لە (٢٦٢) پزیشك و ڕێژەی (٥٣,٤٪)ی کۆی گشتی پزیشکەکانی عێراقی پێکهێنابوو لەو سالّەدا، بە پێ ی ڕێژەکان دەردەکەوێت لیوای بەغدا لە پێشەنگی لیواکانی عێراقدا بووە و زیاتر لە نیوەی پزیشکەکان لەو لیوایەدا بوون لەو سالّەدا[١٣١]. کەواتە دابەشکردنی پزیشك بە سەر لیواکاندا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بە پێ ی پێداویستی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لیواکان نەبووە. هەرچەندە لەو ماوەیەدا تاڕادەیەك ژمارەی پزیشك لە لیوای کەرکوکدا گەشەی کردووە، بەلّام لەبەرامبەردا ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بە هەمانشێوە لە گەشەکردن و بەرزبونەوە دابووە ئەوەش وایکردووە ژمارەی پزیشکەکان لە ئاستی پێویستی گەشەکردنی دانیشتواندا نەبووبن، بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە لە هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بێ بەش بوون[١٣٢]، سەرباری ئەوەی کە زۆرێك لە پزیشکەکان شارەزایی زۆر و پسپۆڕیان نەبووە لەو هەموو کارانەی کە پێیان سپێردراوە، ئەوەتا (پزیشك شەوکەت مەحمود)[١٣٣] کە سالّی ١٩٣٤ پزیشکی تیشك بووە لە نەخۆشخانەی پاشایەتی کەرکوك باس لە کارەکانی دەکات و دەڵێت: " سەرەڕای کاری پزیشکی تیشك، ئەرکی پزیشکی نۆرینگەی دەرەکی و پزیشکی قاوشی پیاوان و قاوشی ژنان و تاقیگە و پزیشکی دادوەریم وەرگرتبوو، چونکە حەزم دەکرد فێری کارەکەبم". لە

